# پرسەنامەی م. جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ کۆچی دوایی سوارەی ئیلخانیزادە

ئا: هۆشیار بەکر عەزیز
(کەرکووک)

م. جەمیل ڕۆژبەیانی سەرەڕای ئەوەی مێژوونووس و ئەدیبێکی ناوداری نەتەوەکەمان بوو، لە پرسە و بۆنەکانیشدا کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، بەئامادەبوون، یان بەنامە ناردن بەشداریی ئەو بۆنە و پرسانەی کردووە و هاوخەمی خۆی بۆ دۆستان و هاوڕێیان و خزمانی دەربڕیوە. سوارەی ئیلخانیزادە کە لە ئێزگەی کوردی لە تاران هاوڕێ و هاوکاری بووە، لە ١/١٤/ ١٩٧٦ لە تاران کۆچی دوایی کردووە، م. جەمیل ڕۆژبەیانی لە ١٩٧٦/١/١٦ بە بۆنەی ئەو کارەساتە ناخۆشەوە پەخشانێکی بە ناوی سوارۆ بۆ نووسیوە.

سوارە کوڕی ئەحمەد ئاغا کوڕی حاجی بایز ئاغای ئیلخانیزادەیە، لە ٢١ی نیسانی ١٩٣٧ لە گوندی (تورجان)ی سەر بەشاری بۆکان لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٨ کۆلیجی ماف تەواو دەکات و لە بەشی کوردی ڕادیۆی تاران دامەزراوە، شاعیر و ئەدیب و ڕاگەیاندنکار بووە، چەندان بەرهەمی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە (١).

دوکتۆر یووسف سدیق زەنگنە وتی: سوارە هەمیشە دەیگوت ماڵەکەی م. جەمیل ڕۆژبەیانی ماڵی یەکەمی منە، کە کۆچی دوایی کرد، تەنیا من و مامۆستا لەگەڵ تەرمەکەیدا لە نەخۆشخانەی (میساقی)یەوە لە تاران، بردمان بۆ بەهەشتی زەهرا بۆ شۆردنی، تا مەیدانی (شەهیاد)یش بەدوای ئەو ئۆتۆمۆبیلەوە بووین کە بردییەوە بۆ بۆکان (٢)، ئەمەش دەقی پەخشانەکەیە:


**سوارۆ**

**ئەستێرەی گەشی عاسمانی ئەدەب بۆچی ئاوابووی؟**

**بۆچ ڕێگای ژینت نیوەچڵ ماوە؟ خۆ تۆ ساوا بووی، تازە زاوا بووی؟ سوارەی ئیلخانی بەگزادەی موکری سوارخاصی مەیدان!**

**بۆچی وا گلیای لەنیوە ڕێدا؟ نیوە ڕێی ژیان ئەوەند بێ تاوان؟**

**ئاخۆ صەت ساڵی تر دایکی زەمانە جێت پڕ ئەکاتەوە؟**



سواره

قەت بڕواناکەم، وەڵام ئەداتەوە، سوێندیش ئەخواتەوە

هاوڕێی سواره قەت بەدی نایێنم، هێزم نەماوه

بۆ مەرگی ئەم زانا فەلەک وای لێم کرد پشتم چەماوه

جەرگم براوه

فەلەک ئەمەوێ ئەتۆش وەکوو من نەزۆک بمێنی

نە مانگ و نە خۆر نە هیچ ئەستێرە قەت هەڵنەهێنی

هەمووی بمرێنی!

ئاخر پێم بڵێ بۆچ سوارەت کوشت

قەت بڕواناکەم، وەڵام ئەداتەوە، سوێندیش ئەخواتەوە

هاوتای سواره قەت بەدی نایێنم، هێزم نەماوه

بۆ مەرگ ئەم زانا فەلەک وای لێم کرد پشتم چەماوه، جەرگم براوه

فەلەک ئەمەویٚ ئەتۆش وەکوو من نەزۆک بمێنی

نە مانگ و نە خۆر نە هیچ ئەستێرە قەت هەڵنەهێنی

هەمووی بمرێنی!

ئاخر پێم بڵێ بۆچ سوارەت کوشت


بوویتە ئاژاوە! جگە لە نووسین و هۆنراوەی جوان چی کرد ئەو لاوە

وا خستتە لاوە؟

سوارە هەموو شاعر و نووسەران! سوارەڕۆیانە!

کۆسپیان (کۆستیان) کەوتووە شین و ڕۆیانە

پاک بۆ تۆیانە، سوارە ڕۆیانە.



-٢-

بوویتە ئاژاوە! جگە لە نووسین و هۆنراوەی جوان چی کرد ئەو لاوە

وا خستتە لاوە؟

سوارە هەموو شاعر و نووسەران! سوارە ڕۆیانە!

کۆسپیان کەوتووە شین و ڕۆیانە

پاک بۆ تۆیانە سوارە ڕۆیانە

٢٦/دی/١٣٥٤ (٢٥٣٤)

٢٦/دەی/ ١٣٥٤ (٢٥٣٤) شاهەنشاهی

پەراوێز:

(١) سەرچاوە: evinebook.blogfa. com

(٢) نامەیەکی دوکتۆر یووسف سدیق زەنگنە بۆ نووسەر لە ٢٠٢١/٢/٨.

٭ ئەم پرسەنامەیە تا ئێستا لەناو دەستنووس و کاغەزە پەرشوبڵاوەکانیدا ماوە و بڵاو نەکراوەتەوە. (ڕامان)